ململانێی نێوان دەسەلاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە روانگەی بیروباوەری نەتەوەییەوە!

سیروان کاوسی

((١٩))

داگیرکردنەوەی شاری مەهاباد و، درێژەی لەشکرکێشی سوپای ئێران بۆ سەر رۆژهەلاتی کوردستان

(شەڕی سێ مانگە!)
٢٨ی گەلاوێژ تا ٢٦ی خەزەلوەری ١٣٥٨ی هەتاوی
(١٩٧٩ی زاینی)

رۆژی ١٢ی خەرمانانی ١٩٧٩، شاری مەهاباد داگیرکرایەوە. پێش گەیشتنی سوپای رژێم بۆ نێو شار، حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەلەی شۆرشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان، بڕیاریاندابوو لە شاردا شەڕ نەکرێ. زۆربەی دانیشتووانی شار، بەرەو شارۆچکە و گوندەکانی دەوروبەری رۆیشتبوون. لەگەڵ گەیشتنی سوپا بۆنێو شار، دوکان و بازاڕ بە تەواوەتی داخران...

هەر وەک پێشتر ئاماژەمان کردپێی، بەشێک لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مەهاباد، لەگەڵ دەستەیەک پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و چەندین پێشمەرگەی پاسۆک و چەند ئەندامێکی حیزبی شیوعی عێراق، بەنهێنیی لەنێو شار و دەوروبەری مانەوە. پێشمەرگەی کۆمەلەش، زۆربەیان چوون بۆ کوێستانی "مالۆک" و "چەکوچ" و نێزیکی گوندی "قزلجە".

رۆژنامەی "گاردیەن" ی ئینگلیزی، رێکەوتی ٤/٩/١٩٧٩ هاتنی سوپای ئێرانی بۆ مەهاباد بەم شێوەیە نووسیوە:

«دوێنێ سوپای ئێران، لەکاتێکدا چوار فڕۆکەی فانتۆمی F - 4 لە ئاسمانەوە پشتیوانییان دەکرد، پێینایە شاری مەهاباد - نێوەندی شۆڕشی کوردەوە. هێشتا هێندێ پۆستەر و راگەیاندراوە بە دیواری کۆلان و شەقامی شارەوە ماون کە داوا لە خەڵک کراوە، بەرەنگاری سوپای ئێران و ئایەتۆڵلا خەڵخاڵی ببنەوە. داگیرکردنەوەی مەهاباد، لەرووی رەوانی و سایکۆلۆجییەوە، زەربەیەکی کاریگەر بوو کە لە کوردان درا. مستەفا چەمران لە تلەڤیزیۆنەوە داوای کرد، ئەو کەسانەی فریوی لایەنەکانی دژەشۆڕشیان خواردووە، بگەڕێنەوە باوەشی ئیسلام. حکوومەتی ئێران، داوای لە ئایەتۆڵلا خەڵخاڵی کرد بگەڕێتەوە بۆ تاران. لەماوەی رۆژانی رابوردوودا، خەڵخاڵی پتر لە هەشتا کوردی گوللەباران کردووە. وادیارە خەڵخاڵی دەیەوێ لە تارانەوە بەرەو مەهاباد بکەوێتەڕێ. بوونی خەڵخاڵی لە کوردستان، متمانە و پێوەندیی نێوان کورد و رژێمی ئێرانی لاواز کردووە. لە هەوڵێکدا کە بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کوردستان ئەنجامدراوە، سەرۆکوەزیر بازرگان، لە گەڵ ئایەتۆڵلا خومەینی کۆبووەتەوە و، یارمەتیی دەرمان و خواردەمەنیی بەڕێکراوە بۆ کوردستان. ئەو یارمەتییەش بە نێوی ئەوەوە نێردرا، کە بازرگان رایگەیاند: داهاتی فرۆشتنی رۆژێک نەوتی ئێران کە دەکاتە (شەست و پێنج ملیۆن دۆلار)، تەرخانکراوە بۆ کوردستان..!

بازرگان، هەروەها پیرۆزبایی لە سوپای ئێران کرد کە توانیویتی شارەکانی کوردستان لە دژەشۆڕش پاک بکاتەوە. بازرگان لە درێژەی قسەکانیدا رەخنەی لە هێندێ لەو بڕیارانە گرت کە لە شاری ئاینیی "قۆم" دەوە دراون، و بەڕاشکاوی گوتی: "فەرمانی جیهاد و بانگەوازی کشتیی بۆ هێزەکانی ئێران لە لایەن ئایەتۆڵلا خومەینییەوە کە دوو حەفتە پێش ئانجامدرا، بەپێی گەیاندنی هەواڵ و راپۆرتی درۆ و ناڕاست بوون کە بە ئایەتۆڵلا خومەینی گەیشتبوون».

سەرۆکوەزیران بازرگان، بە ناردنی ئەو پەیامەی، زۆر فریوکارانە و فێڵبازانە، هەوڵیدا ئایەتۆڵلا خومەینی لە تاوان و فەرمانی قەلاچۆکردنی گەلی کورد پاک بکاتەوە و، تاوانەکە بخاتە ملی کەسانێک کە لە کوردستانەوە هەواڵی درۆیان ناردووە بۆی!! مەبەست لە قسەکەشی، ئەحمەد موفتیزادە و داروودەستەکەی بوو، بەلام دەزانین، ئەحمەد موفتیزادە، بە زانایی، یان بە نەزانی، رێخۆشکەری ئەو پلان و نەخشەیە بوو کە کاربەدەستانی رژێم و دەوڵەتەکەی بازرگان و لە سەرووی هەموویانەوە خومەینی، دایانڕشتبوو، تا بە بیانووی پشێوی و ئاژاوە لە کوردستان، لەشکرکێشی بخەنەڕێ و کوردستان داگیربکەنەوە.

باشە، ئەگەر سەرۆکوەزیر بازرگان و